# دەستوری کوردستان: مافی چارەنوسی مەرجدار و پرسیارەکان

**شاخەوان شۆڕش**
2007.03.14

دەستوری ئێراقی لە ئەرتیکلی 13 دا جەخت لەسەر باڵادەستی دەستوری فیدرال لە هەموو شوێنێکی ئێراقدا دەکاتەوە، لە ئەرتیکلی 2 و 17 دا هاتووە کە دەبێ دەستوری هەرێمەکان لەگەڵ ئەو دەستورەدا تەبابن، بەمشێوەیە نابێ دژی بڕیارە نووسراوەکانی دەستوری فیدرال بن. هەروەها دەستوری ئێراقی کانون و دەقی ناتەبا لەگەڵ دەستوری فیدراڵدا بە بەتاڵ دادەنێت. هەروەها ئەرتیکلی 117 سەبارەت بە دەسەڵاتی هەرێم دەڵێ،*"پەرلەمانی هەرێم دەستوری هەرێم دادەڕێژێ، پێکهاتەی دەسەڵاتی هەرێم دیار دەکات، توانا و دەسەڵاتی دیار دەکات، چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتە دیار دەکات، **بە مەرجێ دژی ئەو دەستورە نەبێت.**"* هەروەکو دەسەڵاتی کوردی خۆیان مۆریان کردووە، دەستوری ئێراقی لە کوردستاندا باڵادەستە و دەبێ دەستوری کوردستان لەگەڵ ئەو دەستورە ئێراقیەدا تەبابێت.
جێگای بیرخستنەوەیە لە دوای ڕێکەوتن لەسەر دەستورە فیدرالیەکەدا، دەسەڵاتدارانی کوردستان زۆرجار گوتویانە، ئەوان دەتوانن ئەوە بنووسن کە لە دەستوری ئێراقدا نەیانتوانیووە بینووسن، یا ئەوە دەنووسن کە لە ئاست داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان دایە، هەروەها گوتنی تری لەم شێوەیە لێرەولەوێ کراوە.

سەبارەت بە مافی چارەنوس و بوونی ئەو مافە لە دەستوری ئێراقیدا، ئەوەی شایانی گوتنە لەو دەستورە ئێراقیەدا لە هیچ شوێنێک چەمکی مافی چارەنوس نەنووسراوە. بەهیچ جۆرێک نەنووسراوە، گەلی کوردستان مافی چارەی خۆنوسینی هەیە یا دەتوانێ ئازادانە چارەنوسی خۆی لە دواڕۆژدا دیاربکات.
سەبارەت بە بوونی مافی چارەنوس گەلێ لە بەرپرسانی کورد لەوانە مەسعود بارزانی، ئاماژە بە بوونی مافی چارەنوس لە دەستوردا دەکەن و دەڵێن ئەوەی لە کۆتایی پێشەکی دەستورەکەدا نووسراوە کە دەڵێ، *"ئێمە گەلی ئێراق بەهەموو پێکهاتەکانیەوە ئازادانە و ئارەزوومەندانە ئەو یەکگرتنەمان کردووە, ملکەچ بوون بەو دەستورە پارێزگاری یەکگرتنی ئازادانەی گەل, خاک و سەروەری ئێراق دەکات."* دەڵێن ئەوە ئاماژەیە بەوەی کە گەلی کورد مافی چارەنوسی هەیە.[1]
دیارە گەلی کوردستان پرسی لەسەر چارەنوس پێنەکراوە، بۆیە ئەوەی لەو دەستورەدا سەبارەت بە ئازادی و ئارەزوومەندی نوسراوە ئەوە لە لایەن گەلی کوردەوە ڕاستەوخۆ پەسند نەکراوە، ئەوە داخوازی سەرۆکی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بووە و پارلەمانیش کە بێدەسەڵاتە و دەستکەلای خۆیانە مۆری داخوازیەکەی ئەوانی کردووە. ئەوە جگەلەوەی بەپێی سیستەمی ڕەوای دیموکراسیانە، پارلەمان مافی یەکلاکردنەوەی بڕیارە چارەنوسسازەکانی لەلایەن خۆیەوە نییە.
بەڵێندان بە ملکەچبوون بە دەستور و پارێزگاریی یەکێتی ئێراق هێما بۆ ئازادی ڕۆیشتنی گروپەکانی ناو ئێراق ناکات، لە کاتێکدا نەنووسراوە ئەو گروپانە ئازادن لەوەی ئێراق جێبهێڵن. نەنوسراوە ئەگەر ئەو گروپانە بە دەستور مل کەچ نەبوون چی ڕوودەدات، چونکە وادیارە گومان لەوبارەیەوە لە لایەن بەشدار بووانەوە هەر نەکراوە. ئەوەش لای گەلانی نادیموکراسی دیاردەیەکی زۆر ئاساییە کە هەندێ ئەگەر هەر لەبنی ڕەتدەکرێتەوە و کەسیش ئامادەنییە گۆتنی لەسەر بکات، چونکە پێیانوایە ئەوە ڕوونادات و تەواو! سەبارەت بە ئەگەری جیابوونەوەی گەلی کورد مەرج بۆ جیابوونەوە دانەندراوە و نەگوتراوە ئەگەر ئێراق نەبووە دیموکراسی یا فیدرالی یا شتیتر، ئەوە گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنوسیدا ئازادە. دەستوری ئێراقی لەگەڵ جیابوونەوەی هیچ گروپێکدا نییە، بۆیە مەرج بۆ یەکگرتنەکە دانانێت. بۆ پشتگیری ئەوەش لە ئەرتیکلی 49 سەبارەت بە سوێندخواردنەکە هەموویان سوێند بۆ یەکگرتوویی گەل و خاکی ئێراق دەخۆن.
دیارە ئەوەی لەو بڕگەیەدا نووسراوە، سەپاندنی ویستێکی ڕامیارییە بەسەر فاکتەرەکاندا کە لە بنچینەدا ئاماژە بۆ لایەکی دیکە دەکەن. بۆ نمونە جگەلەوەی لایەنە بەشدارەکان هەموویان دەزانن، ڕژێمی سەدام بەتەنیا و بەشێوەیەکی سەرەکی بەهێزوبازوی ئەوان نەڕووخا، هەمووشیان دەزانن چۆن بە هەوڵ و گوشاری ئەمەریکا کۆکراونەتەوە، ئەگەر

هەر لایەکیان دەسەڵاتی هەبوایە و لە هەڵبژاردندا ئازاد بایە، بەئەگەری زۆر بۆ لایەکی دیکە هەنگاوی دەنا، یا هەر ئامادە نەدەبوو لەگەڵ هیچ لایەنێک دابنیشێت. هەروەها بۆنمونە ئەگەر ئەورۆ ئەمەریکا بڕوات، ئەوانە جگەلەوەی توانای لەیەکگەیشتن و دیالۆگیان لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵکو ئەگەری بەرپابوونی ئاژاوە، پەرتەوازەیی و کارەساتی گەورەتری مرۆڤانە زۆر زۆرە.
واپێدەچێ دووبارە نووسینەوەی چەمکی "ئازادی و ئارەزوومەندی" لە یەکگرتنەکەدا لە ڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا، هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەو چەمکانە، بەجۆرێک کەوا لە داهاتوودا بۆ پشتگیری ئەگەرە نادیارەکان بەکاربهێندرێت. ئەگەرچی بوونی ئەو چەمکانە تەنها نووسینی سەر کاغەزن لە ڕاستیدا.

سەبارەت بەو ڕستەیەی پێشەکیەکەی دەستوری ئێراقی، لە پاشکۆی ڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا نووسراوە، *"ئەو کەسەی زانیاری هەبێت بە باکراوندی نووسینەوە و داڕشتنی ئەم ڕستەیە، دەزانێت ئەمە وەک **یەکلاکردنەوەکی* *مامناوەندی** هاتووە بۆ داواکاریی سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان."*
سەبارەت بە بوونی مافی چارەنوس لە دەستوری ئێراقدا، جودایی لە لێکدانەوەی بەرپرسانی کورد دا کە بەشداریان لە گفتوگۆکە لەسەر دەستورە ئێراقیەکەدا کردووە، هەیە. مەسعود بارزانی و لایەنگرانی دەڵێن مافی چارەنوس لە دەستوردا بە ڕاکشاوی ئاماژەی بۆ کراوە، جەلال تاڵەبانی و دکتۆر مەحمود عوسمان و هیتر ئاماژە بەجۆرێ لە جۆرەکان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بۆ نەبوونی مافی چارەنوس لە دەستوردا دەکەن. واتە ئەوانەی کە بەشداریان لە گتوگۆکان کردووە و کاریگەریان لەسەر هاتنی ئەو دەستورە هەبووە، خۆیان لە نێوان خۆیاندا تەبانین و لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە. بۆیە ئەوەی نووسەرانی دەستوری کوردستان هێمای بۆ دەکەن، هەرزوو کورت دێنێ.
دەکرێ ئەو جیاوازی لێکدانەوەیە پەیوەندی ئەوەندە بە تێکستی دەستورەکە نەبێت ئەوەندەی پەیوەندی بە ئارەزوو و بەرژەوەندی کەسەکانەوە هەبێت. چونکە لە زۆر بۆنەدا بەرپرسانی کورد و هیدیکەش گوتنەکانیان لەگەڵ ئەوەی مۆریان کردووە ناتەبایە، دەکرێ لەبەرئەوەبێ بەجۆرێ لە جۆرەکان کێشەیان لەگەڵ کەنترۆلکردنی ئارەزووەکانیاندا هەیە، یا مەبەستی ڕامیاریان هەیە، یا ئەو کەسە نایەوێ ڕاستیەکە بە خەڵک بڵێت، یا ئەو کەسە دەیەوێ بەمجۆرە ناتەبایی خۆی لەگەڵ ڕێکەوتنەکە دەربخات، یا ئەو کەسە لە راستیدا نازانێ چی مۆرکردووە، خەیاڵپلاوانە و خۆشباوەڕانە تێگەیشتنێکی بۆخۆی دروستکردووە، هتد.

نووسەرانی ڕەشنووسی دەستوری کوردستان ئەوەیان کردووە کە مەسعود بارزانی تێیگەیشتووە و دەیخوازێ، بەڵام وەکو مەسعود بارزانی مەرج بۆ جیابوونەوەی کوردستان دادەنێ و ئەوانیش نووسیوانە، مافی چارەنوس ئەگەر و سنوری بۆ داندراوە و لێرەشدا گەلی کورد لە دیارکردنی چارەنوسی خۆیدا ئازاد نییە. لە دەستورەکەدا هاتووە: *"گەلی کوردستان– عێراق مافی دیارکردن و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە."* هەروەها دواتر نووسراوە، *"یەکگرتنی ئازادانەی لەگەڵ عێراقدا بە گەل و خاک و سەروەری هەڵبژاردووە، ئەمەش بەستراوە بە پابەندبوون بە دەستوری فیدراڵی و سیستەمی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەلایەنی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە تاک و کۆمەڵیەوە، **و بۆی هەیە چاو بگێڕێتەوە بەم هەڵبژاردنەی، بۆ دیارکردنی پاشەڕۆژ و پێگەی سیاسی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا:***
*یەکەم: پێشێلکردنی شکۆمەندیی دەستوری فیدراڵی، کە وەک پاشگەزبوونەوەیەک دابندرێت لە پابەندبوون بە سیستەمی فیدراڵی یان بنەما بنچینەییە دەستوریەکان لە دیموکراسی و مافەکانی تاک و بەکۆمەڵی مرۆڤ.*
*دووەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی و گۆڕینی باری دیموگرافی کوردستان، یان کارکردن بۆ هێشتنەوەی شوێنەوارو ئاکامەکانی پێشووی ئەم سیاسەتە، کە بە پاشگەزبوونەوە لەو پابەندبوونە دەستوورییەی لە ماددەی 140ی دەستوری فیدراڵیدا هاتوون، دابنرێت."*

وەکو دەیخوێنینەوە، ئەوەی لە دەستوری کوردستان سەبارەت بە مافی چارەنوس نووسراوە، لە دەستوری ئێراقی فیدرالدا نییە و نەنووسراوە. ئەوەی نووسراوە لێکدانەوەی بەرپرسانی دەسەڵاتداری کوردە بۆ ئەو بڕگەیەی پێشەکی دەستوری ئێراقی کە لێی دواین. ئەوان هاتوون ئەوەیان نووسیوە کە لەدەستوری ئێراقیدا نییە یا پەسند نەکراوە بنووسرێت. هیچ ڕێکەوتنێکی نووسراو لەم بارەیەوە لەدەرەوەی ڕێکەوتنە دەستوریەکەدا نەبیندراوە، ئەگەر لایەنی کوردی ئەو ڕێکەوتنەی زارەکی لەگەڵ هەندێ لایەن یا هەموو لایەنەکان کردووە، ئەوە لە لایەنەکانی دیکەوە

نەبیستراوە. لە کۆنفرانسی بەغدا کە سەبارەت بە ئاسایشی ئێراق لە 10ی ئەپریلی 2007 دا بەسترا، نوری مالیکی زۆر بە ڕاکشاوی جەختی لەسەر یەکێتی خاکی ئێراق و عارەببوونی ئێراق کردەوە و دژی جیابوونەوەش دوا. ئەوە هێمایە بۆ لێکدانەوەیەکی تەواو جیای ئەوەی لە دەستوری کوردستاندا نووسراوە.
بەڵام ئەگەر پارلەمانی ئێراقی و لایەنە دەسەڵاتدارەکان ئەوەی کە لە دەستوری کوردستاندا سەبارەت بە مافی چارەنوس نووسراوە پەسند بکەن، کەواتە لەو بارەدا دەسەلاتی کوردی ئەوەیان نووسیووە یا سەپاندووە کە خۆیان پێیان باش بوو، وەکو گوتیان. لەو بارەدا ئەگەر ئێراقی یەکگرتوو لە ئاستی **مەرجەکانی** لایەنی کوردی نەبێت، ئەوە لایەنی کوردی دەتوانێ کانونیانە و دیموکراسیانە لە ئێراق جیابێتەوە. کەواتە ئەگەرچی لە دەستوری ئێراقیدا مافی چارەنووس نەنووسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو "ڕستەیەی پێشەکیەکە" ئەو مەبەستەی هەبووە کە لە دەستوری کوردستاندا نووسراوە. لەو بارەدا دیاردەیەکی بێوێنەی کانونیانە دەکرێت.
دیارە لەو بارەدا لایەنی کوردی بیانوی بۆ جیابوونەوە زۆر دەبێت، چونکە پڕکردنەوەی ئەو مەرجانەی کورد لە توانای ئێراقدا واپێدەچێ نییە، بۆیە دەکرێ بیانوو بۆ جێبەجێنەکردنی یەکێک یا چەند مەرجێک بهێندرێتەوە و لایەنی کوردی بڵێن ئێمە چیتر لەگەڵ ئێراق نابین، بەڵام ئایا عارەبەکانی ئێراق لەسەر ئەو لێکدانەوەیە تەبادەبن، ئایا ئەوان ددان بە بوونی بەدینەهێنانی مەرجەکاندا دەنێن؟ لێرەدا ئەگەر لێکدانەوەی دژ بەیەک هەبن، ئەوە دیسان جیابوونەوە بێ کێشە و پێکدادان بەئەگەری زۆر نابێت.
بەپێچەوانەوە، ئەگەر لایەنەکانی ناو ئێراق ئەوەی سەبارەت بە مافی چارەنوس لە دەستوری کوردستاندا نووسراوە ڕەتکەنەوە و پارلەمانی ئێراقی پەسندی نەکات، ئەو کاتە لایەنی کوردی دەکەوێتە نێوان چەند ڕێگایەک، یا ئەوەتا ددان بە نەبوونی مافی چارەنوس دەنێ و واز لەو داواکارییە دەهێنێ، ئەوە پەسند دەکات کە لە چوارچێوەی ئێراقدا دەستی دەکەوێت. یان هەوڵی ڕێکەوتنێکی مامناوەندی لەسەر ئەو پرسەدا دەدات (ئاستی خراپی و باش ئەوسا دەردەکەوێت)، یانژی لایەنەکانی دیکەی ئێراق بە پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانیاندا تاوانبار دەکات و ڕێگای جیابوونەوە هەڵدەبژێرێت، لەو بارەدا ئەگەری کێشە و جەنگ زۆرە. دەکرێ ئەوەی لە دەستوری کوردستاندا لەسەر مافی چارەنوس نووسراوە، تاکتیکێک بۆ ئەگەرە نادیارەکان بێت، ئەوەش پەیوەستدارە بە چۆنیەتی ڕەوتی بارودۆخەکە، هەڵوێستی ئەمەریکا و فاکتەری دیکە.

دیارە هەموو ئەوەی گوترا لەسەر ئەو ڕێکەوتنە دەستوریەیە کە لێکدانەوەی جودای بۆ دەکرێت، ئەگەر و ناڕوونی زۆری تێدایە. ئەگەر دەسەڵاتی کوردی هەموو ئەوانەی لە دەستوری کوردستاندا نووسیوەتی بیسەپێنێ و پەسندمەندی پارلەمانی ئێراقی بۆ بەدەست بێنێت، لەو بارەشدا پەسندکردنی مافی چارەنوس مەرجدارە و سنوری بۆ داندراوە. بۆیە لە ئاستی داخوازییەکانی گەلی کوردستاندا نییە. ئەگەر ئێراق توانی هەموو ئەو مەرجانەی کورد دایناوە بەدیبێنێ (کە زۆر سەختە بکرێت)، لەو بارەدا گەلی کورد مافی جیابوونەوەی نییە. کەواتە تا ژیان مایە دەبێ گەلی کورد لە ئێراقی فیدرالی و دیموکراسیدا بمێنێتەوە و مافی سەربەخۆیی نابێت.
شایانی گوتنە کێشەی گەلی کورد لە بنچینەدا کێشەی ڕژێم گۆڕین و دیموکراسی لە ئێراقدا یا وڵاتە داگیرکەرەکانی دیکەدا نەبووە. بۆیە سیستەمی دیموکراسی و فیدرالی لە ئەگەری بەدیهێنانیشدا چارەسەری درێژماوەی بۆ کێشەی کورد پێ نییە. کێشەی گەلی کورد کێشەی خاک و گەلێکی داگیرکراو و دەستبەسەرکراو بووە، ئەوکاتە چارەسەری کێشەکە تەواو و درێژماوەیە ئەگەر گەلی کورد تەواو ئازاد بوو و بووە خاوەنی سەروەری نەتەوەیی خۆی، ئەوەش پەیوەندی بەوە نییە داخوا ئێراق دیموکراسیە یان نا. بۆیە مافی چارەنوسی مەرجدار ئەگەر نەتوانێ گەل بە سەربەخۆیی بگەیەنێ، دەردی گەلی کورد دەرمان ناکات. گەلی کورد وەکو هەر گەلێکی دیکەی ژێردەستە و خاک داگیرکراو مافی خۆیەتی ئازادانە و بێ ئەملا و ئەولا چارەنوسی خۆی دیار بکات، بۆیە ڕەوا نییە سنور و مەرجی بۆ دابندرێت و بە هەندێ فاکتەر ببەسترێتەوە کە کێشەی گەلی کورد نین.
پاشان لەبەرچی دەبێ گەلی کورد کە خاوەنی بەهێزترین دۆزە بۆ سەرخۆبوون، دیاریکردنی چارەنوسی مەرجدار بێت؟ لەبەرچی دەبێ دوای ڕوودانی پاکتاوی ڕەگەزی، بەعارەبکردن، گەلکوژی و بوونی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک، بێت بەشداری لە دروستکردنەوەی ستاتی داگیرکەر بکاتەوە و پاشان دەست بۆ مافەکانی لە نەتەوەی عارەبی چەوسێنەر و گەلکوژ پان بکاتەوە؟ دیارە ئەوەی کراوە ویستێکی ڕامیارییە بەسەر گەلی کورددا سەپێندراوە، کە سەرکردە ئۆتۆنۆمیخوازەکانی باشور ڕۆڵی سەرەکیان لەوەدا هەیە.

ئەو مەرجانەی بەرپرس و دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان بۆ گەلی کوردیان داناوە، ئەوە دەسەڵمێنێ کەوا ئەوان ڕێچکەیەکیان گرتووە گەلی کورد دەگەیەنێتە ئاستێکی ئازادی نەتەوەیی، بەڵام نایگەیەنێتە ئازادی تەواو. دەکرێ ئەوان پێیانوابێ لەئەگەری بوونی دیموکراسی و فیدرالیزمدا، ئیتر گەلی کورد چیتری ناوێ و دەگاتە ئاوات. هەروەکو جەلال تاڵەبانی دەیڵێت. دەکرێ ئەو ڕەوتەی ئەوان هەولێک بێت بۆ ڕەوایەتی دان بە خەباتی ئەتۆنۆمۆیخوازی ڕابردوو و پێیانوابێ ئەگەری سەربەخۆیی گەلی کوردستان هەر لەو ڕێگایەوە دەبێت، هەروەکو مەسعود بارزانی زۆر هەوڵی سەلماندنی ئەوە دەدات. بەڵام وەکو گوترا ئەگەر ئێراق بووە دیموکراسی و فیدرالی گەلی کورد مافی سەربەخۆیی نابێت. ئەگەر لە کاتی جیابوونەوەشدا ببێتە جەنگ و پێکدادان، کەواتە ئەو هەموو ڕەنجەی درا بەخۆڕایی بوو و کات بەفیرۆدان بوو لەڕاستیدا. دیارە مەرج نییە سەربەخۆیی گەل بە قۆناغ بێت و بە سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی دا تێپەڕێت. دەکرێ گەلی ژێردەستە لە یەکەم دەرفەتی گونجاودا بێ بوونی باکگراوندێکی ئۆتۆنۆمیانە بە سەربەخۆیی بگات، یا دەکرێ گەلی ژێردەستە هەرگیز کەمتر لە سەربەخۆیی پەسند نەبووبێ و گەیشتبێتە ئازادی تەواو. گەلی تەیموری ڕۆژهەڵات و هیتر لەسەر داوای سەربەخۆیی دانەبەزین و گەیشتنە سەربەخۆییش. ئەو تێگەیشتن و ڕەوتەی دەسەڵاتدارانی کوردستان ڕەنگدانەوەی کەلتور و ڕەوتی کۆنی ئۆتۆنۆمیخوازانەیە کە وایکردووە ئەوان تەنها ئەو ڕێگەچارەیە بەگونجاو ببینن.

---

[1] لە وتاری تر لەسەر ئەو خالە وەستاوم، بۆنمونە سەیری ئەو وتارانە بکە:

دەستوری کوردستان: ئەگەر و پرسیارەکان
http://www.kadirshorsh.com/Const.%20Kurdistan%20u%20prsyarekan.pdf

مافی چارەنوس و بەکارهێنانی وەکو فیدرالی
http://www.kadirshorsh.com/Mafi%20charenus%20u%20bekarhenani%20..24.1.05.pdf

جێگیرکردنی مافی چارەنوس وەک گەرەنتی یاسایی
http://www.kadirshorsh.com/Mafi%20charenus%20u%20grngi%20buni%20le%20....26.2.05.pdf

بنچینەیاسای ئێراق: سەیرێکی رەخنەگرانە سەبارەت بە مافەکانی خەڵکی کوردستان
http://www.kadirshorsh.com/Const.%20Kurd%20u%20const...pdf